www.kurdistannet.org
13/01/2002 22:50

# پۆلیسی دانیمارکی گرنگیەکی زۆر دەدا بە شایەتی ئەفسەرێکی کورد !

کوردستان نێت : هۆڵەند

دوای گەیشتنی فاکسێك لە باشووری کوردستانەوە و بلاَوبوونەوەی نامەی ئەو ئەفسەرە کوردە لە کوردستان نێت دا و ناردنی نامەیەك بۆ وەزارەتی داد و پۆلیسی دانیمارکی دەربارەی ئەو ئەفسەرە کوردەی کە لە هەشتاکان و لە کاتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا وەرگێری بریکاری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عیراق بووە و ئامادەیە شایەتی بدا لە سەر تاوانەکانی نەزار خەزرەجی و هەموو هاورێکانی کە دەستیان بە خوێنی کورد سورە و ئەو زانیارییە وردانە کە دەیانزانێ لە بارەی ئەو مرۆڤخۆرانەوە پێشکەش بە دادگای دانیمارکی و هەر دادگایەکی تری تاوانکارانی جەنگ بکا و رۆڵی ئەو تاوانکارە لە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی کوردستاندا بخاتە روو ، بەشی تاوانە ترسناکەکان لە سەرۆکایەتی پۆلیسی دانیمارکی شایەتی ئەو ئەفسەرە کوردە زۆر بە گرنگ دەزانێ بۆ لێکۆڵینەوە لە دژی نەزار خەزرەجی و داوای گرێدانی پەیوەندی لە گەڵدا دەکا .

شایانی باسە ئەو داخوازییانە لە نامەیەکی پۆلیسی دانیمارکدا لە رێکەوتی 9 /1/2002 دا ئاراستەی ئارم زەندی کە بووە هۆی بلاوکردنەوەی نامەکە، کرا

هیوادارین هەر کوردێکی تر کە زانیاری لە بارەی خەزرەجی و هەر ئەفسەرێکی تری تاوانکاری سوپای عیراقەوە هەیە ، بەتایبەتی ئەو ئەفسەرانەی کە لە ئەوروپا دەژێن وەکو وەفیق سامەرائی و عەزیز قادر سمانچی کە ئەمەی دواییان لە 1963 ەوە لە کەرکوك کاتێ ( حەرەس قەومی ) بووە بە دەیان کوردی کوشتوە و تاوەکو دەرچوونی لە عیراق ئەندامێکی دەسترۆی بەعس و موخابەرات بووە و ئێستاش تا پێی بکرێ دوژمنایەتی کورد دەکا ، بێشکەش بەو کوردانە بکات کە لە هەوڵی دادگاییکردینی تاوانکارانی جەنگی عیراقیدان.

تێبینی : دانەیە لەو نامەیە و نامەی پۆلیسی دانمارکی کە بۆ ئارم زەندی نێردراوە، گەیشتووەتە دەستی کوردستان نێت.